سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە سەرکی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەران دکتۆر مەحموود مەشهەدانی دکات و لەگەڵی دەخی ناوچەکە و هەڵبژاردنەکان تاوتوێ دکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دووەمی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز دکتۆر مەحموود مەشهەدانی سەرکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران کرد و لەم دیدارەش باس لە دەخی ناوچەکە و پێشهاتەکانی و کاریگەری لەسەر عێراق کرا بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گەڕانکاریانەی ئەم دواییە لە ناوچەکە ڕوویاندا.

سەماحەتی لەم چاوپێکەوتنە بەتوندی سەرکۆنەی ئەو بڕدومانەی دژگا ئێتەمییەکانی کەماری ئیسلامی ئێران کرد و گوتی ئەوە پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسای نێودەوڵەتی و مێکۆتنە نێودەوڵەتییەکانە و هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەش.

هەروەها بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پشتیوانی عێراق بۆ کەماری ئیسلامی ئێران کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاستەنگانەدا، هاوکات ئاماژەی بۆ گرنگی گرتنەبەری ڕێوشوێنی ژینگەیی پێویستی کرد بۆ ئامادەباشی بۆ هەر ئاگرکێکی پیسبوونی تیشکدەر کە دەنگە کاریگەری لەسەر خاکی عێراق هەبێت.

سەبارەت بەدەخی ناوخۆیی هەردوو لایەن دووپاتیان کردەوە کە گرنگە هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆی بکرێت و پێویستە کار لەسەر تەشریع کردنی یاسای تازە بکرێت کە ئاستوخۆ پێوەندی بە ژیانی هاوڵاتیان هەیە و دەبێتە هەکاری ئەوەی گەشەپێدان و سەقامگیری وڵاتیش پتەوتر بکات.